The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
chak_org@yahoo.com

# سەبارەت بە بارودۆخی ناو زیندانەکانی کوردستان
# (چاک) پەیوەندی بە ئەمنستییەوە دەکات

سه باره ت به خراپی بارودۆخی ناو زیندانه کانی کوردستان و شێوه ی گرتن و لێکۆڵینه وه له گه ل خه ڵك و نه بوونی زۆر به ی پێداویستیه سه ره تاییه کانی مافی مرۆڤ له نێو زیندانه کاندا، له 2 مانگی ڕابردوودا له چه ندین لاوه که سانی نیشتمانپه روه رو دۆستانی ڕێکخراوی چاك، په یوه ندیان پێوه کردووین و داخواز بوون که به هەر شێوەیەک بۆمان دەڕەخسێت و بە گونجاوی دەزانین تیشک بخەینە سەر ئەو بابەتەش و هاوکار بین لە باشترکردنی بارودۆخی ناو زیندانه کانی کوردستان.

بۆیە ڕێکخراوی چاک وای بە باش زانی کە په یوه ندی بکات بەو ڕێکخراوە مرۆڤدۆستە جیهانییانەی کە لەم بابەتانەدا تایبەتمەندن. بۆ ئەم مەبەستە (چاک) لە چە ند وولاتێکه وه په یوه ندی کرد به ڕێکخراوی ئه منستیه وه. داخوازیی ئێمه ئه وه بوو که بۆ زانینی ڕاستییەکان سەبارەت بەو زانیاریانه ی به ده ست ئێمه گه یشتوون، هه وڵ بدرێت سه ردانێکی نێو زیندانه کانی کوردستان به گشتی بکرێت.

وه لامی ئه منستی ئه وه بوو که نامەیه ک به ناوی ڕیکخراوی چاك بنێرن له گه ڵ سه رجه م ئه و زانیاریانه ی که لاتانه، تا ئێمه ش لێکۆڵینه وه ی له سه ر بکه ین ، بۆیه ڕیکخراوی چاك ، له کۆتای مانگی نیساندا ، سه رجەم ئه و زانیاریانه ی که له کوردستانه وه بۆی هاتبوون، له گه ڵ نامه یه کی خۆیدا ئاڕاسته ی ئه منستی کرد.

هه وڵه کانی چاك به و ئاڕاسته یه یه که مافی مرۆڤ له کوردستان ڕێزی لێ بگیرێت و ڕاستی یان ناڕاستی ئه و هه واڵانه ی به ده ست ئێمه ش ده گه ن بۆ هه موو لایه ک ئاشکرابێت.

**ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد-چاک**

**2006/05/10**

chak_org@yahoo.com nawandihalabja@yahoo.com www.chak.info